**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق** **کۆمیتەی ریکخراوی دەرەوەی وولات**

Worker-communist Party
**Of Iraq**

## سەرکوتگەری یەکیتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان مەحکومە!
## ئازادیخوازان دەبێت لە دژی بریاری سزادان و دەستگیرکردنی ڕۆژنامە نووسان بێنە دەنگ!

وەک هەر دەسەڵاتیکی کۆنەپەرست و ڕۆژ بەسەرچووی تر، ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان لە سەرکوت بەولاوە هیچ ڕێگایەکی تریان بۆ بێدەنگ کردنی خەڵک بۆ پەیدا نابێت.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر بەڕێز حەوێز حەوێزی کە ڕۆژنامەنوسێکە لە کوردستانی عیراق، لە پای ڕەخنە گرتن لە هەندێک بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاری کۆیە کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی هەمان حزبەوە بۆ جاری دووەهەم زیندانی کراو ئەزیەت و ئازار درا.

دوێنێ 5/2 بە ناو دادگای کەتنی سلێمانی لە پاڵ تەغریم کردن بە بڕی 75 هەزار دینار حوکمیکی ناڕەوای بۆ زیندانی کردنی هەردوو سەرنووسەری کۆن و تازەی هەفتەنامەی هاووڵاتی، بەڕیزان ئاسۆس هەردی و توانا عوسمان بۆ شەش مانگ دەرکرد.

بە پێی ڕاپۆرتی هەمان هەفتەنامە لە ماوەی چەند ڕۆژ و هەفتەی ڕابردوودا، ئەندازیار محەمەد بەرزی لەدەزگای گشتی پرۆژە تایبەتیەکان لە ناوچەی سلێمانی، نەجات ئەحمەد خوێندکاری زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر لە سەر وتار و نووسینەکانیان لەو بڵاوکراوەیەدا لە لایەن بەرپرسانەوە سزا دراونو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کراوە.

ئەمانە تەنها چەند تازەپێشهاتێکی هەل ومەرجێکن کە قەڵەم و زمانی ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی کوردستانی بە گشتی تیادا زیندانیی کراوە. چەند نموونەی ئەو فەزا سەرکوتگەریەن کە باڵی بەسەر سەرتاسەری کوردستاندا کێشاوە. کوردستان بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی سەرانی شەرخوازی ئەمریکاو بەریتانیاوە نە نموونەی ئازادیە و نە بۆنێکی ڕێزگرتنی مافە سەرەتاییەکانی ئینسانی لێ دێت. بەڵکو سەرکوتگەریی لەم ناوچەیە بەڵگەیەکی ترە بۆ بەدرۆخستنەوەی بۆشو بلێرو زورناژەنانیانو پەڵەیەکی شەرمهێنەری ترە بە تەوێڵی دووڕوویی‌و دیموکراسیخوازی ساختەکارانەی ئەمریکاو هاوپەیمانانیەوە.

بەدیهێنانی ئازادیو جێخستنی مافە سەرەتاییەکانی ئینسان لە کوردستانی ژێر دەستی پارتیو یەکێتیدا کەمتر لە هەر کۆمەڵگایەکی تری موبتەلا بە دەسەڵاتی سەرکوتگەرو گەندەڵ خەباتو تێکۆشانی ناوێت. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وێڕای خەباتو ماندوونەناسی خۆیان بۆ بەدیهێنانی ئەمە چاویان نەک لە بۆشو بلێرو هاوشیوەکانیان، کە مێژووی کۆن و نوێیان پڕە لە بنباڵ گرتن وپشتیوانی کردن لە دەسەڵاتە خوێنڕێژەکان، بەڵکو ئومێدی گەورەیان بە هاوپشتی ئازادیخوازانو جووڵانەوەی چەپی دنیا هەیە.

سۆشیالیست ئەنتەرناسیۆنالو حزبەکانی لە ئەوروپا کە ئیدیعای دیموکراسیخوازی دەکەن ڕووبەڕووی تورەییو پرسیاری قورسی خەڵکی کوردستاندا دەبنەوە: کە چۆنە حزبو تاقمی عەشیرەتیو کۆنەپەرستو داپڵۆسێنەری وەک یەکێتیو پارتی بە میوانیش لە لای خۆیان ڕادەگرن؟

ئێمە لە ڕێکخراوی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لە کاتێکدا بانگەوازی هەموو ئازادیخوازانو ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ دەکەین کە لە ڕووی ئەم سەرکوتە بێ پەردەیەدا بێنە دەنگ، هاوکات ئازادیخوازانی کوردزمانی دەرەوەی وولات بانگەواز دەکەین کە لە پێناوی بەرپەرچدانەوەی ئەم پێشێلکاریانەدا ڕێکخراوانە بێنە مەیدان. هەروا بەڵێن بە ئازادیخوازانو هەموو خەڵکی ناڕازی کوردستان دەدەین کە لە هیچ کارو هەڵسوڕانێک لە پێناو ئاشکرا کردنی کردەوە سەرکوتگەرانەکانی دەسەڵاتدارانی کوردستانو لە قاودانی سروشتی داپڵۆسێنەرانەی ئەم دەسەڵاتەو یاساکانی درێغی ناکەینو هەموو ڕێگایەکی گونجاوی سیاسی بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان لە پیناوی ڕێزگرتن لە ئازادیو مافەکانی خەڵک دەگرینە بەر. ئازادیخوازانی کوردستان، جەماوەری ناڕازیو مافخوازی کوردستان تەنها نین، لە نێو شێلگیرترین داکۆکیکارانیان حزبی کۆمۆنیستی کرێکارییان هەیە.

شەماڵ علی
سکرتێری کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق
04-05-2006
Mobile: +46739079397

wcpiaorg@yahoo.com www.wpiraq.net